# بەیادی قەڵەمێکی نەمر
# غەفوری میرزاکەریم لەنێوپەڕەی کتێبە ونبوەکاندا.



کامەران سوبحان

چێژی کتێب و خوێندنەوە تەنها ئەوانە هەستی پێدەکەن کە لەناویداو لە نێو پەڕە ونبوەکانیدا سوتانێکی ئەبەدیان هەیە،بۆیە هەرواش بووە بەردەوام زۆرکەس هەیە دەخوێنێتەوەو عاشقی کتێبە ،بەڵام کەم کەس هەیە بتوانێت ئەو عەشقە بکاتە ویردی ڕۆژانەو تامردن بەدوی کەوێت ..."

ئەم چەند پەڕەگرافە وتەی یەکێکە کەمن وەك ئەبجەدیاتی ژیانم لەبەرمکردوە،کەسێك لەسەرەتاکانی خوێندنەوەمدا هاندەرو مامۆستایەکی باشم بوو،ئەو زۆرجار دیالۆگی سەیر سەیری لەگەڵدا دەکردم،زۆرڕەخنەی لێدەگرتم ،وەك خۆی دەیوت ئەمە سەرەتاکانی تۆیە پێویست دەکات بە پاکی و بەبێ موجامەلە کار لەم بوارەدابکەیت،ئەوتەی غەفوری میرزاکەریمە ،ئەو یەکێکە لەڕۆژنامەنوس و قەڵەمەبەدەستەکانی نیوسەدەی ڕابردوی ڕۆشنبیری کوردی تاچرکەساتی مردنی و شەوی 2005/10/31 باوەڕ ناکەم بۆچەند سەعاتێکیش لەکتێب دابڕابێت،تەنانەت ئەو دەساڵەی کە بەتها لەسەر قەرەوێڵەیەکی تایبەتی دوچاری نەخۆشی ئیفلیج بون بوبو بەردەوام هاودەمێکی گرتبوو بۆخوێندنەوە ،کەسێك تەنها ئەوەکاریبێت بابەت بۆئەو بخوێنێتەوە،ئاخر نمونەی وا عاشق بەکتێب و پەڕەو نوسین بەداخەوە لەناوڕۆشنبیری ئێمەدازۆرکەمە ،بەڵام ئەو نزیکەی دەساڵ زیاتر نەیتوانی قەڵەم بەدەست بگرێت بەڵام بیری لەوەکردەوە کەسێك بگرێت بۆئەوەی پێش مەرگی سەرجەم نوسین و بابەتەکانی بخاتە سەر پەڕەی کاغەز...!!

"غەفوری میرزاکەریم"یادی بەخێر کە هەروەك زۆرجار لەناو هەندێ لەخزمان و دۆستاندا پێی دەڵێن ئەفسانەی نێو پەڕەی کتێبەکان ،چونکە بەردەوام ئەو لەئەفسانەیەکی تایبەت دەچوو لەنێوان کتێب و خوێندنەوەدا ،من هەردەم خۆم بەقەرزاری ئەو دەزانم کە بەردەوام ماڵەکەی بوبویە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری بۆمن و چەند گەنجێکی تر،ڕاستە ئێمە چ وەك خزمایەتی چ وەك ڕۆشنبیرێك کاك غەفوری میرزاکەریمان ناسی،بەڵام ئەو بۆخۆی هەردەم کتێب و ڕۆشنبیری وخوێندنەوەی لەوانەبەگەورەتردەزانی،بەردەوام دەیوت سوپاس بۆکتێب کەهەمومانی لەم ماڵەدا کۆکردەوە..

سەرەتاکانی خوێندنەوەم سەرەتای ڕاپەرین بەشەرمێکی زۆرە وە دەستم بەخوێندنەوەکردکاتێك چەندگۆڤارێکی کۆن و مرۆڤ و دەوروبەرەکەی مەسعود محەمەد و فەلسەفەی ئیستاتیکاکەی کەمال میراودەلیم دەخوێندەوە لەم سەرەتایەوە ،لەم شەرمەزۆرەی من لەکتێب و لەدەرەوەی خۆم کەوتم بەسەر کتێبخانەیەکی زۆردەوڵەمەندودانسقەدا کەئەویش کتێبخانەکەی غەفوری میرزا کەریم بوو ،کتێبخانەیەك ڕەنگەپێچەوانەی زۆرێك لەکتێبخانەکانی تر،کەپڕن لەکتێبی هەمەجۆری هەمەڕەنگ،بەڵام ئەم کتێبخانەیەی کەمن شانسم پێبڕا کتێبی لێبخوێنمەوە پڕبون لەکتێبی دانسقە ،ئەو کتێبانەی کەڕەنگە کەم گەنجی هاوڕێی من شانسی خوێندنەوەیان هەبوبێت، بۆیە لەو سەرەتایەوە تائێستا کتێب یەکێکە لەپیرۆزترین مەخلوقەکانی ژیانم ،گەرمێژوییەك بۆسەرەتای نوسینی خۆم بدۆزمەوەو لەبیرم مابێت ئەوڕۆژانە بەسەرەتای ئاشنابونی حەقیقیم لەگەڵ کتێب،بەوسەرەتایەدادەنێم منیش وەك غەفوری میرزاکەریم هەمیشە دەڵێم زۆرسوپاس بۆکتێب کە ناساندمی بەزۆرکەس لەنێو پەڕەی کتێبە هەمەجۆرەکاندا..

هەرئەو سەرەتایەو لەڕێی دانیشتنەکانی شەوان و ڕۆژان لەگەڵ غەفوری میرزاکەریم من ئاشنابوم بە شیعرەکانی جەلالی میرزاکەریم و شێرکۆبێکەس و پەشێووچەندشاعیرێکی تر،لەباسەکانی ئەم شاعیرانەدا غەفوری میرزاکەریم شیکارێکی تایبەتی وخوێندنەوەی جوانی بۆدەکردن،بەتایبەتی بۆهەندێ شیعری جەلالی برای و شێرکۆبێکەس،ئێستاش واتاکانی کۆپلەشیعری:

شۆڕش ئەتانەوێت من بناسن
من عاشقی ڕێگەیەکم مەرگی تیابێت
کەشۆڕش مرد بۆچی نابێت
دەرون شیعری شۆڕێکی تری تیابێت

لەبیرنەچوە کەشیعرێکی ناوداری جەلالی میرزاکەریمە ،هەرچەند کاك غەفوری دیدێکی مارکسیانەی هەبوو بۆشیعرو نەتەوەو شۆڕش ،بەڵام هەمیشە جیا لەمارکسیەکانی وڵاتی ئێمە مارکسیەکی ناسیۆنالیزم بوو..

یەکێکی تریش لەو لایەنە گرنگانەی ژیانی ئەم ڕۆشنبیرە ئەوەبوو زانیاریی بەرفراوانی لەسەر لایەنەڕۆشنبیرییەکان هەبوو،کاتێك گوێی لێبوو من وژین حەمەجەزا کەخزمێکی نزیکیان بوو لەماڵەکەی ئەواندادەژیاو پێکەوە قوتابی پەیمانگەی هونەرجوانەکان بوین گفتوگۆمان لەسەربابەتێکی تایبەتی هونەریی دەکرد ئەویش دەهاتە ناو گفتوگۆکەمان و دیدی زۆرتایبەتی هەبوو ،دیدێکی زۆریاخییانەبۆهونەرو ڕۆشنبیریی،ئاخرئەوکاتە گەرمە سەفەرکردنی لاوان بوو بۆدەرەوەی وڵات کەم ڕۆشنبیرهەبوو لەکوردستان لە گەڵ کۆچی لاوان بوبێت،بەڵام ئەو دەیوت کۆچ بۆئەوروپا پێداویستیەکی خەباتی نەتەوایەتیەو پێویستە کۆمەڵگەکەمان ئەم قۆناغە ببڕێت،تەنانەت بەردەوام دەیوت"ئێوە کەی گەنجن،گەرگەنجبونایە تۆزێك هەستی موغامەرەتان تێدادەبوو ،بڕۆن ئەزمون لەسەفەرەوە فێربن،بچن وڵاتان بگەڕێن ،لەوێ مەعریفەوزانیاریتان زیادکەن ،گەرلێرە هەردانیشن و لەم وڵاتەدا بمێننەوە لەداهاتودا نەخوێنەواردەبن!!"

کەم کەس هەبوو لەو تەمەنەو لەوئاستە ڕۆشنبیریەدابێت و ئەو بۆچونانەی هەبێت،ئەمەجگەلەبۆچونی تایبەتی خۆی لەسەر مەسەلەی حیزبایەتی وسیاسەت کردکە بەڕاستی لەو قۆناغەدا گەرمەی کاری حیزبایەتی بوو،ئەو بەپێچەوانەی ڕەوتی باوەوە سەوڵی لێئەدا و ئەو تێڕوانینانەی هەیبوو بۆحیزبایەتی پاش دەساڵ ئێستا سەرەتاکانی دەردەکەوێت،ئەمەلەکاتێکدایە غەفوری میرزاکەریم نزیکەی نیوسەدە زیاتر لەڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی کاری کردوە ،بەڵام هەرگیز حیزبایەتی نەیتوانیوە بۆچون ودیدگاتایبەتیەکان لەقاڵب بدات،بەتایبەتیش لەلایەنی مێژوییدا غەفوری میرزاکەریم تێڕوانینی تایبەتی هەبوو،کتێبی "کێوماڵێك بەناوبیرەوەرییەکانمدا"یەکێکەلەوکتێبە مێژویی ویاداشتیانەی کە ئەو قسەی تایبەتی لەسەرئەم بابەتە تێداکردوە ..

لەبارەی شیعری کلاسیك و تێڕوانین بۆشیعری کوردی زۆرێك لەبۆچونەکانی ئەو لەو بۆچونانە قوڵتربون کەئەمڕۆ لەسەرشیعری کلاسیکی کوردی دەوترێن،ئەو بەردەوام باسی لەخزمەتی گەورەی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس دەکرد لە ئەدەبیاتی کوردیدا ولەهەمانکاتدا کۆمەڵێك سەرنجی تایبەتی هەبوو لەبارەی تەفسیری مەلاعەبدولکەریم بۆشیعری مەحوی ،لەهەمانکاتدا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیسی وەك بیریاری گەورەی ئەدەبیاتی کوردی ناودەبرد..

زۆرێك لەوسەرنج و تێبینیانەی کەئەو هەیبوو سەبارەت بەشیعرو ئەدەبیات ومێژوو شتگەلێکی تایبەت بوون ،بەڵام من بەردەوام ئەوەم پێدەوت کە بۆئەو بۆچونانەی ناخاتە سەر کاغەز وبڵاویان ناکاتەوە،ئەو دەیوت کاتی ماوە ...کاتی ماوە...

بەڵام دیارە ئەوکاتە بۆئەو نەماو مەرگ کۆتایی هێنا بەسەرجەم خەون وخولیاو بۆچونەکانی ،لەکۆتاییدا ئەمەندەماوەبڵێم بەکەسەرێکی زۆرەوە غەفوری میرزاکەریم وجەلالی میرزاکەریم دو دەنگی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی بون ،بنەماڵەی ئەم دو ڕۆشنبیرە دەڵێن: بەداخەوە پاش مەرگی ئەم دوکەسە هیچ ڕۆشنبیرو دەزگایەکی ڕۆشنبیریی لەدوای خۆیان و لەژیانیشدا هەوڵی ئەوەی نەدا هەرهیچ نەبێت کتێب و دەست نوسەکانیان بۆچاپ بکات،تەنها دەزگای سەردەم نەبێت بەسوپاسەوە ژمارەیەکی تایبەتی ڕۆڤاری بۆجەلالی میرزاکەریم تەرخان کرد...

هەرکەسێکیش زانیاری زیاتری لەسەرئەم ڕۆشنبیرە هەیەدەتوانێت سەیری سایتی www.mirzakarim.com بکات.